## د.عەبدوڵڵا پەشێو:

# هیچ مانفیێستێکی ئەدەبی ناتوانێ بەهرەیەکی گەورە دروست بکا

شاعیری گەورەی کورد عەبدوڵڵا پەشێو ، ساڵانێکی دوورو درێژە بە شیعرە ناسك‌و نیشتمانپەروەرەکانی خۆی، هەوادارانی شیعری بەرەو لای خۆی سەرنجکێش کردووەو کاریگەری دیاریشی بەسەر زۆرێك لە شاعیرانی نەوەی دوای خۆیەوە جێهێشتووە، هەڵوێستە نیشتمانپەروەرانەو راشکاوانەکانی ئەم شاعیرە گەورەیەش هەمیشە جێگای تێڕامان بووەو هەمیشەش خوێنەری کورد بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی بەرهەمە جوانەکانی بووە، بۆ ئاشنابوون بە هەندێ لایەنی ژیان‌و بەرهەمی مامۆستای شاعیرمان پەشێو ئەم چاوپێکەوتنەمان لەگەڵ بەڕێزیدا سازکرد.

**گفتوگۆ: پەیمان ئەمین**



- بەلای زۆر کەسی پسپۆر: گەورەترین ژێرخانی رۆشنبیری نەتەوەی کورد چ لە رابردووچ لە ئێستادا خۆی لە شیعردا دەبینێتەوە تۆ لەم بارەیەوە چی دەڵێیت؟

+رەنگە ئەمە راست بێ‌و لەهەمان کاتیشدا دیاردەیەکی سروشتی بێ. ئەم قۆناغە مێژووییەی ئێمەی کورد ئێستا پێیدا رەت دەبین قۆناغی پێڕەوکە بوونە. واتا هێشتا لە قۆناغی منداڵیداین. شیعریش زمانی منداڵییە، زمانی سروشت‌و سادەیی‌و رەوانییە. ئەدی فەرەنسایی‌و رووس‌و ئینگلیزەکانیش رۆژگارێك شیعر گەورەترین رووبەری کولتووریانی داگیر نەکردبوو؟!

-رات چییە بەرامبەر ئەو قسەیەی کە دەڵێت شاعیر نە پەیامبەرە نە رابەر بەڵکو لە رێگای شیعردا نامە بۆ ئەدرەسێکی نادیار دەنێرێت؟

+شاعیر پەیامبەر نییەو هیچ ئەرکێکیشی، وەك ئەرك، لەسەر شان نییە، بەڵام لەهەندێ قۆناغی مێژوودا، رۆڵێکی کاریگەر دەگێڕێ لە چارەنووسی گەلاندا، بەتایبەتیش لە قۆناغی وەرچەرخانی کۆمەڵایەتی‌و ئابووریدا. پاشان لەگەڵ سەقامگیربوون‌و هێوربوونەوەی زریان‌و رەشەباکان، شیعریش دەگۆڕێ. لە کۆمەڵگەیەکدا، کە دیموکراسی‌و ئازادیی تێدا بێ.. شیعر واز لە زۆر بابەتی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی دێنێ بۆ ئامرازەکانی دیموکراسی. شیعر لەنان‌و ئاوەوە دەبێتە دۆندرمە!.

## کە شیعرەکەمانم بڵاودەبنەوە, تێدەگەم کە من باسی خەڵکی ترم کردووە

-با بێینە ئەزموونی شیعری خۆت بەر لەهەمووشتێك چ شیعرێکی کوردی هەیە کە حەزت دەکرد هی تۆ بوایە؟

+ئێستا هیچ شیعرێکی وام لە خەیاڵ نییە. ئەگەر لەتافی لاوی بامن ئەوا بێ سێوو دوو دەمگوت: ( هەموو شیعرەکانی هەردی)!

-تێڕوانینی تۆ بۆ روانگە چییە چونکە لەتیف هەڵمەتی شاعیر پێی وایە روانگە هێلکەیەکی پیس بوو هیچی هەڵنەهێنا.

+روانگەش نەبایە، ئەدەبی کوردی هەر ئەوە دەبوو کە هەیە. هیچ مانفیێستێکی ئەدەبی ناتوانێ بەهرەیەکی گەورە دروست بکا. بەهرە گەورەکانی ناو روانگە پێش روانگەش هەر گەورە بوون. کەڵکی روانگە هەر لەوە دابوو کە گۆمە مەندەکەی شڵەقاند. ئەگەرچی من لەگەڵ روانگەییەکاندا نەبووم، بەڵام لەبەر دۆستایەتی بەهێزم لەگەڵیاندا، هەر لەسەر ئەوان حیساب بووم.

-ئەی گروپی کفری کێ بوون؟

+ئەوسا هیچ گروپێك نەبوو بەم ناوە. ئەوسا نە حزبجزبانێ هەبوو نە شارشارانێ، دەستەیەك نووسەرو شاعیری بزێوو بەهرەدار هەبوون، کە خەڵکی کفری بوون.. بەتایبەتی لەتیف هەڵمەت‌و فەرهاد شاکەلی، کە ئێستاش جێپەنجەیان بەسەر رووبەری رۆشنبیریمانەوە دەدرەوشێتەوە..

-سەرەتاو کۆتایی شیعر کامیان قورسە؟

+جار هەیە سەرەتا، جار هەیە کۆتایی، جاریش هەیە هەردووکیان.. شیعر دەزانێ!.

-تۆ لە رێگای شیعر دەتەوێت چی بە نەتەوەکەت بڵێیت؟

+کە دەنووسم تەنیا باسی خۆم دەکەم. پاشان، کە شیعرەکانم بڵاودەبنەوە، تێدەگەم کە من باسی خەڵکی ترم کردووە!.

-ئەوانەی لە کۆڕەکانی ئەم دواییەی تۆ کە لەشارەکانی هەولێر- کەرکوك —سلیمانی گەرمیان ئەنجامتدا هەموویان گەنج بوون، ئایا ئەوە دەلالەت لەوە دەکات کە تۆ شیعرەکانت گیانی تازەگەری‌و گەنجێتیان پێوە دیارە؟

+تا تەمەنم بەرەو ژوور هەڵدەکشێ زێترو زێتر لەگەنجان نزیك دەبمەوە. رەنگە ئەمە خۆی جۆرێك بێ لە ململانێ لەگەڵ پیری. هاورێ خۆشەویستەکانم، گەنجەکانی کوردستان، رەنگە نەتوانن مردنم لێ دوور بخەنەوە، بەڵام ناشهێڵن پیر بم!.

-دوا پرسیار ئایا بەڕاستی کورد ئەدەبی مەهجەری هەیە؟

+ئەگەر ئەدەبی مەهجەریش نەبێ، ئەوا بە دڵنیاییەوە ئەدیبمان هەیە لەمەهجەردا. ناوێرم باسی شیعری خۆم بکەم، بەڵام ئەگەر تەماشایەکی ئەو شیعرانە بکەین، کە لە کوردستان ( 1965-1973) نووسراون‌و بەراووردیان بکەین لەگەڵ ئەوانەی پاشتر، کە لەهەندەران نووسراون، تۆ بڵێی لەرووی زمان‌و کەرەستەو تەنانەت جیهانبینیشەوە جودا نەبن؟! تۆ بڵێی لە شیعری هەردوو قۆناغدا پەیوەندیم لەگەڵ ئافرەتدا هەمان پەیوەندی بێ؟! بەشی زۆر نووسەرانی مەهجەر حەساسن بەرامبەر زمان‌و تەکنیکی نووسین. زێتر کار لەسەر تێکست دەکەن. ئەمە یەکێکە لە سیماکانی نووسەرانی مەهجەر.

## زناک

# داکۆکی کردن لە عەقڵ



محەمەد رەنجاو

بەر لە فتواکەی خومەینی، سەلمان روشدی چەندان رۆمانی لە (آیات شیطانیة) باشتری نوسیبوو، لەهەموو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ناوبانگێکی وای نەبوو، کوردیش هەر نەیدەناسی، بەڵام ئەم فتوایەی خومەینی سەلمان روشدی کرد بە دیارترین‌و ناسراوترین رۆمان نووسی دنیاو، خومەینیش لەبەرامبەر ئەو فتوایەیدا، جگە لە ناوزڕاندی ئیسلام‌و، لەکەدارکردنی رژێمەکەی‌و، لەرزۆکتر کرنی کەسایەتی رۆژهەڵات لەبەرامبەر کرانەوەی رۆژئاواو، مەدەنیەتی عەقڵی ئەورووپی،زیاتر چیتری نەچینیەوە.

بەهۆی ئەو فتوایەی خومەینییەوە، (ایات شیطانیة) بوو بە رەواجترین کتێبی دنیاو، هیچ زمانێك نەما لەدنیادا تەرجومەی نەکردبێ.

زۆر بەداخەوە لای ئێمەش، مەریوان هەڵەبجەیی خەریکە بکرێتە سەلمان روشدییەکی تر، من ئەمە لە تاقیکردنەوەی هەفتەی پێشتری خۆمەوە باسی دەکەم،

برادەرێکم لە هەولێرەوە تەلەفۆنی بۆ کردم ئەم کتێبەی مەریوان هەڵەبجەیی بۆ بکڕم‌و بۆی بنێرم، من نە ئەو کتێبەم کڕی بوو، نە خوێندبوشمەوە، لەو بڕوایەدام ئەو برادەرەشم ئەو کتێبەی نەخوێندبێتەوە، بەڵام دوای ئەو هەڵاو بگرەو بەردەی لەسەری نرایەوە، ویستویەتی بیخوێنێتەوە، بەڵام کاتێ چووم بۆی بکڕم وتیان نرخەکەی 45 هەزار دینارە واتە نرخەکەی حەوت قات بەرز بۆتەوە!.

من رێزم بۆ کاك مەریوان هەیە، بەڵام ئەگەر نوسەرانی کورد پلەیەکی ناسین‌و ناوداری‌و کاری روناکبیریان بۆ دابنرێ، ئەوا کاك مەریوان پلە حەوتیشی بەرناکەوێ، ئەی کەواتە بۆ کتێبەکەی بە 45هەزار دینار بفرۆشرێ‌و ببێت بە رەواجترین کتێبی ئەم رۆژانەی کوردستان؟!.

ئایا نووسینی کتێبێك، تەرح کردنی فکرەیەك‌و وروژاندنی مەسەلەیەك، قسەکردن لەسەر کەلتورو ئایدیاو بۆچوونێك، دەبێ بە هەڕەشەو گوڕەشەو تەکفیرکردن وەڵامی بدرێتەوە، نەدەکرا ئەو کەس‌و لایەن‌و دەستانەی، بونە هۆی ئەو هەڕەشەو گوڕەشەیە بۆ سەر ژیانی مەریوان‌و، شمشێر راست کردنەوە بەرووی مەریوان‌و کتێبەکەیدا، بێن‌و بە هۆشمەندیەکی زیرەکانەوە کتێبەکەی بخوێننەوەو، وەڵامێکی پڕ بەپیستی بدنەوە؟، ئایا رۆژهەڵات تاکەی لەبەرامبەر راوبۆچونی جیاوازدا تەنها زمانی تەکفیرو قەتڵ‌و عام کردن‌و شمشێرەکانی خۆی وەگەڕ دەخا؟.

دەکرا لەبەرامبەر هەڕەشەو شمشێر راست کردنەوە بەڕووی مەریواندا، رێگەی یاسا پەیڕەو کرابایە، چونکە ئێمە دەڵێین لەوڵاتەکەماندا دیموکراسیەت هەڵدەبژێرین، نەك تیرۆرو تۆقاندن، نەك سەرکوت کردن‌و هەڕەشە، زمانی دیموکراسییەتیش رای جیاوازو یەکتر قبوڵ کردنەو، هەر گرفتێکیش لە بەدحاڵی بونەوە بەرەو رووی ئەو یەکتر قبوڵ کردنە بوەوە، یاساو دادگاکان دەبنە حەکەم، نەك هەڕەشەو گوڕەشە، دەمەوێ لێرەدا ئەوە بڵێم کە ئەمە داکۆکی کردن نییە لە مەریوان، بەقەدەر

## دوورە ئەندێشە



پێڤان جەمال حەمەسەعید

خۆزگە مانگ، مێینە نەبوایە
هەناوییشی، بە خەرمانە پڕ نەبوایە
شەوگەرۆك و، بانەو بانکەر
بۆ ژووانان
رێی ئەوینی، نەگرتایە
خۆزگە ئەتۆش*، ئەی
هەسارەی جوان
ئەی مەڵبەندی، ئەستێرەکان
ئەی بارەگاو، کانگای بەهرە
مایەی رامان
جێی سەرسووڕمان،
کەپرێکی وا، بڵند و بەرز نەبوونایە
بۆ ژیانی گۆشەگیریم،
هاوراز و هاوخەمم دەبوون
لە لاتان و، لە لام دەبوون،
میوانێکی تیشکبەخشو،
نازدارو هاودەمم دەبوون
ئەوجا پەپوولەی سرکی هیواو ئاواتم،
لەتوێی تیشك و پرژەی پڕشنگ
ئاشنای لەنجەو،
هۆگری ناز، ئەبوونەوە
ئەندێشەکەم، هێندەی تر، قووڵ
بە ناخما رۆ دەچوونەوە

18-1-2006

# کـــچـه

ن: ویلیام سارۆیان

و: پەخشان عەبدولرەحیم



داپیرەم هەمیشە دەیگوت (پیاوان دەبێ کارێك بزانن) چەند ساتێك لەمەوبەر پێی گوتم:
دەبێ خۆت فێری پیشەیەکی باش بکەی, شتێکی وابێ بە کەڵکی خەڵك بێت, دەبێ بتوانی لە خۆڵ‌و دار ئاسن‌و قوماش شتێك دروست بکەی, ناشێ لاوێك تەنانەت لەیەك کاردا نەتوانێ هونەری خۆی نیشان بدات, ئایا تۆ دەزانی شتێك دروست بکەی؟ دەتوانی مێزێکی سادە, کورسییەك یان دەفرێك دروست بکەی؟ یا مافورێك یا مەسینەیەکی قاوە؟ دەزانم دەتەوێ ببیە نووسەر, گریمان بووی, تەنها شتێك کە بتوانی بەرهەمی بهێنی (وەك نووسەرەکانی دیکە) دووکەڵی جگەرەیە, جا ئەمە چییە؟ تۆ دەبێ بتوانی بە دەستی خۆت شتێکی بەرچاو دروست بکەی, شتێکی دروست‌و تەواو, شتێك کە بەکەڵك بێت, شتێك کە بوونی هەبێت، دواتر وەك هەمیشە دەستی کرد بە گێڕانەوەی یەکێك لە چیرۆکەکانی.
لە رۆژگارێکی کۆندا, یەکێ لە پاشاکانی ئێران کوڕێکی هەبوو, ئەو کوڕە عاشقی کچە شوانێك بوو, کوڕە چووە لای پاشاو گوتی: من کچە شوانێکم خۆش دەوێت‌و دەمەوێ زەماوەندی لەگەڵ بکەم, پاشا گوتی من پاشام‌و تۆ کوڕی منی ئەگەر من بمرم تۆ دەبیتە پاشای ئەم وڵاتە, چۆن دەتەوێ زەماوەند لەگەڵ کچە شوانێکدا بکەی؟! کوڕە لە وەڵامدا گوتی پاشای گەورەم, هۆیەکەی نازانم, بەڵام دەزانم کە بە دڵ‌و گیان خۆشم دەوێ!.
پاشا تێگەیشت کە عەشق بوونی کوڕەکەی بە کچە شوانەوە عەشقێکی ئەوتۆیە کە ئەو ناتوانێ رێگریی لێ بکات, بۆیە بڕیاریدا کە رێگەی لێ نەگرێت‌و گوتی من پەیامێك بۆ کچە شوان دەنێرم, یەکێکی راسپاردو گوتی برۆ لای کچە شوان‌و پێی بڵێ کە کوڕەکەمان خۆشی دەوێت‌و دەیەوێ بە هاوسەری خۆی هەڵیبژێرێ.
قاسیدەکە چووە لای کچە شوان‌و پەیامی پاشای پێگەیاند, کچە گوتی, کوڕی پاشا چ کارێك دەزانێت؟ قاسید گوتی ئەو کوڕی پاشایە, نابێ کار بکات!, کچە گوتی: ئەو دەبێ پیشەیەك بزانێت تا من شووی پێ بکەم, قاسید گەڕایەوە لای پاشاو قسەکانی کچەکەی بۆ گێڕایەوە.
پاشا بە کوڕەکەی گوت کچە شوان دەیەوێ تۆ فێری کارێك ببیت‌و هونەرێك بزانی, بەم مەرجەشەوە هەر ئامادەی بیکەیتە هاوسەری خۆت؟ کوڕە لە وەڵامدا گوتی بەڵێ منیش بۆ ئەم مەبەستە بڕیارمداوە خۆم فێری رایەخی حەسیربکەم.
بۆ بەیانییەکەی کوڕە دەستی کرد بە فێربوونی رایەخی حەسیر, رایەخی پڕ لە نەخش‌و نیگار, لە ماوەی سێ رۆژدا بە تەواوی فێری ئەو هونەرەبوو, قاسید بە چەند حەسیرێکەوە کە دەستکاری کوڕی پاشابوو چووە لای کچە شوان, کچە بە بینینی رایەخەکان رەزامەندی دەربڕی‌و چووە کۆشکی پاشاو لە ئاهەنگێکی گەورەدا بووە هاوسەری کوڕی پاشا.
رۆژێك لە رۆژان کوڕی پاشا بەشێوەیەکی ناشارەزا لە بازاڕی بەغدا پیاسەی دەکرد, کە چاوی بە چێشتخانەیەکی پاك‌و جوان کەوت بڕیاریدا بچێتە ژوورەوەو شتێك بخوات.
ئێستا گوێ بگرە, ئەو چێشتخانەیە جێگای دزو رێگرانی شارەکەبوو, دزەکان کوڕی پاشایان گرت‌و هاوێشتیانە ژێرزەمینێك لە نێو ئەم ژێرزەمینەدا گەلێك لە گەورە پیاوانی شارەکە زیندانی کرابوون, دزە بەد کردارەکان قەڵەوەکانیان دەکوشت‌و گۆشتەکانیان دەرخواردی لاوازەکان دەداو چێژیان لەم کارەیان وەردەگرت.
چونکە کوڕی پاشا زۆر لاوازبوو, کەسیش نەیدەزانی کوڕی پاشای ئێرانە, لەمردن رزگاری بوو, ئەو بە دزەکانی گوت: من تەونکارێکی شارەزام‌و حەسیری زۆر گرانبەها دروست دەکەم, دزانی چاوچنۆك حەسیریان بۆ هێناو گوتیان بیچنە, کوڕی پاشا لە ماوەی سێ رۆژدا سێ حەسیری چنی‌و بە دزەکانی گوت: ئەم سێ حەسیرە ببەنە کۆشکی پاشاو پاشا بۆ هەر یەکێکیان سەد لیرەی زێڕتان پێدەدا, دزەکان رایەخەکانیان بردە کۆشکی پاشا, کاتێ پاشا رایەخەکانی بینی تێگەیشت کە دەستکاری کوڕە ونبووەکەیەتی, رایەخەکانی بەکچە شوانیش نیشاندا, کچە شوان بە وردی تەماشای رایەخەکانی کردو لە میانی چنینەکەدا پەیامێکی دۆزیەوە کەهاوسەرەکەی بە خەتی فارسی بۆیانی نووسیبوو داوای کۆمەکی لێکردبوون.
پاشا سەربازەکانی خۆی بۆ شوێنی دزەکان ناردو, سەربازەکان هەموو دزەکانیان کوشت‌و هەموو زیندانییەکانیان ئازادکردو کوڕی پاشایان بە ساغ‌و سەلامەتی بردەوە, کاتێ کوڕە چووە ناو کۆشك‌و چاوی بە هاوسەرەکەی کەوتەوە لەبەر پێیدا چەمایەوەو پێیەکانی ماچکردو گوتی ئەی لە گیانی خۆم ئازیزتر, من بە گیان قەرزاری تۆم, لەو رۆژە بە دواوە کچە شوان سەنگ‌و رێزێکی زۆری لای پاشا پەیداکردو ساڵانی ساڵ بە خۆشی‌و شادییەوە ژیانیان بردەسەر.
لەو کاتەدا داپیرەم هەناسەیەکی هەڵکێشاو گوتی: ئێستا تێگەیشتی بۆچی دەبێ هەر پیاوێك پیشەیەکی شەرەفمەندانە بزانێت؟
گوتم: بەڵێ بە تەواوی تێگەیشتم, هەر بۆیە کە پارەی پێویستم کۆکردەوە مشارێك‌و چەکوشێك‌و هەندێ دار دەکڕم‌و هەوڵدەدەم تا مێزێکی خوێندنەوە یان تاقچەیەکی کتێب دروست بکەم.